دەست بەکاربوونی هێڵی ئاسمانی فرانکفۆرت – هەولێر و ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەخت بۆ بەرپرسان .... کوردستان نێت

(دەست بەکاربوونی هێڵی ئاسمانی فرانکفۆرت – هەولێر) جێگای شانازی هەموو لایەکە و بە یەکێك لە دەستکەوتە مێژووییەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دادەنرێ. بەڵام کاتێك ڕێبورانی کوردستان لە ئەڵمانیا بلێتی هێڵی ئاسمانی کوردستان وەردەگرن، زمانی شیرینی کوردی بەسەرەوە نابینن. ئێمە عەرەبی لە دەرگاوە دەکەینە دەرەوە و ئەو لە پەنجەرەوە دێتە ژوورەوە. ئایا کێ بەرپرسیارە لەوەی کە بە زمانی کوردی لەسەر بلێتەکە نەنوسراوە؟ هیچ پاساودانەوەیەك بۆ ئەم هەڵە مایەی قەبوڵکردن نیە. دڵنیاش بن ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا لەدژی بەکارهێنانی هیچ زمانێکی ئەم سەرزەمینە نین. سەرانی سیاسی کورد ماوەیەکی درێژ شەڕێکی سەختیان کرد تا توانیان زمانی کوردی بکەن بە زمانێکی ڕەسمی، کەچی ئێمەی کورد لە ئەوروپا زمانەکەی خۆمان بەسەر تاقە هێڵی ئاسمانی خۆمانەوە نابینین. داوا لە پرسیارانی هێڵی ئاسمانی کوردستان دەکەین چاو بەم مەسەلەیەدا بگێڕنەوە و بزانن چی کەس و لایەنێك لە پشت ئەم کارە ناحەزەوەیە.

کوردستان نێت

بەرگی پشت و پێشەوەی بلێتی هێڵی ئاسمانی کوردستان